# هةلَبذاردن .... د. ئاسؤ كةركوكي

پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق دەست پێبکات، هەموو گەلی کوردستان بەوە دڵخۆش بوو کە زۆربەی پارتە کوردییەکان بە یەك لێستە بە ناوی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) بە ژمارە (130) ناوبانگی دەرکردبەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن .
ئەمە بووە جێگای خۆشحالی هەموو گەلی کوردستان چ لە ناوە و چ دەرەوە، گەلی کورستان هیوای بەوە بوو کە ئەم یەکگرتنەی پارتە سیاسیەکان کوردستان نیشانەی تەبایی و ڕێکخستی ماڵی کوردە و هەربۆیەش هەموو لایەك بە پیری شەم باگەوازەوە چوون و دەست کرا بە کۆڕ و کوبوونەوە و ئاهەنگ گێران بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت دەبی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بتوانێت لەم دەنگدانی ڕێژەیەکی زۆر بێنێتەوە تاکو بتوانێت خاوەن دەنگێکی بەقوەت بێت لەناو پەرلەمانی عێراق دا، بۆ دارشتنی دەستور و بریارە گرینگەکان. لەوانە گەرانەوەی ناوچە دابراوەکانی کوردستان وەك کەرکوك و خانەقین و شنگار و مەندەلی زمار وهتد.. .. .
من لێرەدا دەمەوێت باس لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی سوید کە دوو بنکەی سەرەکی هەڵبژاردنی لە خۆ گرتبوو 1_ لە شاری ستۆکهۆلم 2_ لە شاری یەتۆبۆري
بنکەی یەکە لە ستۆکهۆم، ئەم بنکەیە بۆ کوردەکانی باکوور و ناوەڕاستی نەشتەجیی و وڵاتی فینلەندا تەرخان کرابوو .
بنکەی دووەمیش بۆ کوردەکانی یەتیبۆری و دەوروبەری و وڵاتی نۆرویج تەرخان کرا بوو .
من لێرادا نامەوێت بچمە ناو چۆنیەتی هەڵبژردنەکان و بەڵام دەبی ئەوە بڵێن کە کورد بە شێوەکی گشتی بە ڕێکوپێکی بەشدارییان لەم هەڵبژاردنیان کرد .
کوردەکان کە لە وڵاتانی وەکو فینلەندا و نۆرویج بەو سەرمایەی زستان بە ماڵ و منداڵەوە دوو جار بە شاحینە و پاس هاتن بۆ دەنگدان، بۆ ئەوەی بتوانن بە هەموو دونیا بسەلمێنن کە ئێمەی لە ناو خۆندا یەکین و هاتوین دەنگی خۆمان بۆ داهاتوویەکی ڕوناك بدەین. لێرەدا دەبی سوپاسی هەموو ئەو پەککەوتوانە و کەمئەندامانە و پیاو و ئافرەتە بە تەمەنانەی بکەیی کە بەشداری لەم ئەرکە پیرۆزەدا کرد .
بەڵی دەنگدان تەواو بوو لیشتی هاوپەیمانی کوردستان (130) توانی 75 کورسی بۆ خۆی دابیی بکات و پاشان بە هاتنی لیستی ئیسلامی کوردستان کە 2 دەنگ پێکهات بوو بۆ ناو لیستی (130) ئەوا ئەم لیستە بووە حاوەنی 77 کورسي، ئەمە نیشانی دا کورد بە یەکگرتووی دەتوانیت سەرکەوێت.
لە کوردستانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانێش بە یەك لیستە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دابەزین، کە ئەمەشیان بووە جێگای ڕەزامەندی گەلی کوردستان. هەروەها لە هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاری کەرکوك لیستی برایەتی زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێنا، ئەمە نیشانی دا کە کورد دوای ئەو هەموو سیاسەتە بە عەرەب کردنە هەر زۆرینەیە و کەرکوکیش پارچەیەکی دانەبراوە لە کوردستان .
هەر بۆیەش ئەجارە کورد بە قوەتێکە و بە هێزێکی گەورەوە بەشداری لە پەرلەمانی عێراق دەکات، کە جێگای سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردستان .
پێش ئەم سەرکەوتنە سەرکردایەتی کورد چەند کۆبونەوەی گرینگیان لە دوکان و سەلاحەدین بۆ دەسنیشان کردنی کەسایەتیکی کورد بۆ پۆستی سەرەك کۆمار یان سەرك وەزیرانی عێراق بە ئەنجام گەیاند. دەسکەوتی ئەم کۆنەوەوانە ئەمانەی خوارەوە بوون:
1_ دەسنیشان کردنی بەرێز تالەبانی بۆ سەرۆك کۆماری عێراق .
2_ بریار درا بەرێز مەسود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان .
بەڵی ئەوە بووە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ تالەبانی و هەردوو جێگرەکەی هەڵبژارد، کە ئەمە بووە جێی خۆشحالی سەرکردایەتی کورد و هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان و جەماوەری کوردستان بەگشت نەتەوەکانەوە. هەر لە یەکەم رۆژی هەڵبژاردنی تالەباني، زۆربەی ئەندامانی یەکێتی ئەم سەرکەوتنەیان بە هی خۆیان زانی و دەستیا ن بە هەڵگرتی وێنەی تالەبانی کە لە وینەکانی سەدام حوسێن گەورەتر بوو

و ئاگاداری هیچ لایەنێکی سیاسی دیکە نەکردەوە. ئەمە بووە جێی نیگەرانی زۆربەی خەڵکی کوردستان، ئەو ئاهەنگەی کە لـە پردی کرا، ئەوە بوو د. مەحمود عوسمان و کوسرەت ڕەسول عەلی بە خەڵکیان ڕاگەیاند، کە ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی وەك یەکێتی بەشدار بووایە ئەوا بە حەیاتی مام جەلال نەدەبوو بە سەرۆك کۆماری عێرق و دەسکەوتی گەورەش بەدی نەدەهات، لێرەدا مەحمود عوسمان و کوسرەت وتاریان خۆێندەوە و وتیان: کە ئەم سەرکەوتنە بە دەستپێشخەری و هاوکاری کاك مەسعود و پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە دي. مام جەلالـیش لـە وڵامی نامەکەی کاك مەسعودا گووتي، ئەگەر جەنابتان نەبوایە ئەوا ئەم پۆستە گرینگە بەر کورد نەدەکەوت و من زۆر سوپارسی جەنابتان دەکەم، ئەم دەسکەوتە دەسکەوتی هەموو گەلی کوردە نەك هی لایەنێکی سیاسي .

هەر پاش بە سەرۆك بوونی تالـەبانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەم سەرکەوتنەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان زاني. هەر دوای ئەوەش دەستیان کرد بە خۆفەرز کردن و دانانی کۆڵـی تەگەر خستن بۆ کۆبوتەوەی بەرلـەمان و سەرۆکی هەرێم و خۆ فەرزکردن لـە سەر حسابی گەلی کوردستان و پارتە سیاسیەکان و خەڵکی عێراق بە گشتي، کە گوایە مۆرکدنی یاسای پارێزگاکان لـە لایان تالـەبانی و عەف و عامی بەعسیەکانیان لـە بیر چۆتەوە. کاتێك کە لـە کۆتای ساڵـی 2003 یاسای پارێگاکان لـە لایان سکرتێری یەکێتی و سەرۆکی مەجلـیس الـحکمی ئەوکاتە مۆر کرا. ئەگەر کاك مەسعود بارزانی نەبوایە ئەوا هەمو خەباتی گەلی کوردستان بە قوربانی یەکێتی و سکرتێرەکەی دەبوو و فیدرالـیەتیش لـەژێر پێدەنرا بۆ هەتا هەتایە کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد لـە باشووری کوردستان لـە بیر و خەباتی 100 ساڵـی کورد لـە پارچەیە لـە ناودەبردرا.

ئەگەر پارتە سیاسیەکانی کوردستان و لـە سەرو هەمویانیشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەت کاك مەسعود نەبوایە ئەوا ئێستا جەنابی سەرۆك کۆمار لـەو جێگەیە نەدەبوو. ئەمە لـە لایەك و لـە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەرنج لـە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بدەي، هەر پاش ئەوەی تالـەبانی بو بە سەرۆك کۆماری عێراق ڕاگەیاندنی یەکێتی وشەکان عێراقی فیدرالی دیموکراتیان لـە ناو برد و تەنیا دەڵێن مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق .

من پێم وایە ئەگەر یەکێتی چاوێك بە هەڵوێستی خۆیدا نەخشێتي، ئەوا لـە داهاتوویەکی نزێك بەو کردارەی خۆیان گەلی کوردستان دوچاری ئەزمە دەکەن. بۆیە یەکێتی دەبی واز لـە خۆپەرستی و خۆفەرزکردن سیاسەتی چەوت خۆیان بهێنن .

لێرەدا هەڵـەی پارتی دیموکراتی کوردستان لـەوەدا بوو کە دەبوایە لـەگەڵ یەکێتی لـەسەر ئەوە ڕێکبکەوتنایە کە دەبی پێش هەموو شتێك موشکیلـەی ناخۆ چارەسەر بکرایە، ئەوجا بەرەو بەغدا بچوینایە، یەعنی بە کوردی دەبوایی مەسەلـەی پەرلـەمان و سەرۆکایەتی هەرێمان و یاسای سەرۆکی هەرێم چارەسەر بکرایە ئەوجا دەمازانی کە یەکێتی بەس بۆ ئەوەی تالـەبانی ببێتە سەرۆك کۆمار بە هەموو شتێك ڕازی دەبوون .

لـە کۆتایدا هیوادارم کە پارتە کوردیەکان واز لـە سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی بهێنن و بیر لـە یەکپارچەیی یەکگرتنەوە بکەتەوە چونکە هێشتا ناوچەکانی وەکو کەرکوك، مەخمور، خانەقین، شنگار و زمار هتد.. . نەخراونەتەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، وە ئەگەر بەم شێەیە بڕوات ئەوا قەت ناگەڕێتەوە باوشی کوردستان، نەوە داهاتوش هەزان تف و لـەعنەتمان لێدەکەن .

سوید، ستۆکهۆم
26/05/2005